# دادگای باڵای ئێراق: ناڕاشیونالی و گەمەی ئێراقچییەتی دادگا، لاوازی و نابووتی کەسە کوردەکان بەرامبەر بە دەسەڵاتە سەپێندراوەکان

شاخەوان شۆڕش
16.06.2007

دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق دانیشتنەکانی لەسەر تاوانی ئەنفال کۆتایی پێهێناو ئێستا چاوەڕوانی دادگا دەکرێت کە دوا بڕیاری سەبارەت بە جۆری تاوان و سزای تۆمەتباران بدات. دیارە بەرلەوە لە دانیشتنەکاندا کۆمەڵێ دیاردە ڕوویاندا و هاتنەبەرچاو، هەندێکیان دووبارەی کەماسیەکانی پێشتر بوون، هەندێکیان نوێ بوون، لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە هەروەستەیەکی ڕەخنەگرانەیان لە بەرامبەردا بکەم.

## سکاڵاکەران و زمانی عارەبی[1]

لە دانیشتنەکانی دواییدا و سەبارەت بە سکاڵاکەران، وەکو بیندرا ژمارەی سکاڵاکەرەکان دەوروبەری 100 کەس زۆر کەمتربوو لە ژمارەی ئەوانەی سکاڵایان تۆمار کردبوو. جگەلەوەی ئەو سکاڵاکەرانەی کە ڕێگایان درا بێنە ناو دادگا، وەکو پێشوو هەموو کێشەکانی زمان درێژەیان هەبوو، دیارە داواکاری گشتی پێیوابوو کەوا گوتنەکان دووبارەن و تارادەیەک بوونی گوتنەکانی بە ناگونجاو دانا. شایانی گوتنە سکاڵاکەران هەر یەکەیان چیرۆکێکی تایبەت بەخۆی و ڕوونکردنەوەی تایبەت بەخۆی هەیە و لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە گوزارشتی کارەساتێک دەکات و هەندێ لە وردەکاریەکانی دەگێڕێتەوە. بەمجۆرە گوتنی هەر یەکێک لە سکاڵاکەران یەکسان نییە بەوەی کەسێکی تر ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، کە دەکرێ لە ئاشکراکردنی ڕاستیەکان سوودی لێوەربگیرێت، ئەگەر وردبوونەوە لە ڕاستیەکان و ئاشکراکردنی وردەکاریەکان بە گرنگ بزاندرێن.

کەمێ لە سکاڵاکەران لەژێرناوی ئەوەی زمانی عارەبی دەزانن، لە هۆڵی دادگادا بە زمانی عارەبی دوان. ئەو سکاڵاکەرە بەو کارەی مۆری ڕەوایەتی زمانی عارەبی وەکو زمانی فەرمی دادگا دەکات، کە دەبوایە بە کوردی دوانەکەی ئەو کانونە ناڕەوایە ڕەتکاتەوە و بڵێ "من عارەبی دەزانم بەڵام بەڕەوای نازانم لێردا پێێ بدوێم، چونکە ئەو کانونەی دادگا کە زمانی عارەبی سەپاندۆتە سەر دادگاکە ناڕەوایە"، هەڵوێستێکی ئەوها لەڕوانگەی ئەو بانگاشەیەی کە دەڵێ زمانی عارەبی و کوردی لە ئێراقدا یەکسانن گونجاو و پێویست بوو. لە ڕوانگەیەکی کوردستانیانەوە ئەو کەسە دەیتوانی لەوەش زیاتر بڕوا و وەکو زمانی داگیرکەر ناوی زمانی عارەبی ببات، کە بۆ گەلی کوردی باشور ئەوە ڕاستە. ئەو کەسە دڵپڕلەئازارە بەئاگا یا بێئاگا گرنگی بە زمانی عارەبی کە زمانی نەتەوەی داگیرکەر، زمانی بڕیارەکانی ستاتی ئێراق و ئەنفالکردنی ئەو و گەلەکەی ئەو بووە، دەدات. بەمجۆرە زمانی ڕەسەنی خۆی کە زمانی گەلی چەوساوە و گەلکوژکراو بووە، لەو شوێنە هەسیتارەدا کەمنرخ دەکات.

هەر لەسەر ئەوە، ئەو پارێزەر و دادوەرە کوردانەی لە هۆڵەکەدا بە زمانی عارەبی دەدوێن، کانونی دادگا لەمبارەیەوە جێبەجێ دەکەن، دیارە کانونەکە زمانی عارەبی بەسەر زمانی کوردیدا بەرزکردۆتەوە و لێرەدا زمانی عارەبی وەکو زمانی باڵای هەموو ئێراق پیشان دەدرێت. کە دەکرێ وەکو هەوڵێک سەیری بکرێت کەوا خەڵکی دەرەوە هەست بە جودایی نەتەوەیی لە ئێراقدا لەو بارەیەوە نەکەن. ئەو هەوڵە هەمیشە لە لایەن نەتەوەی زۆرینە و چەوسێنەرەوە بەشیوەی جۆراوجۆر بە درێژایی تەمەنی ئێراق دراوە. دوان بە زمانی عارەبی لە لایەن پارێزەر و دادوەری کورد، ئەو کەسانە وەکو ئێراقی وێنەدەکات، دیارە ئەوان زۆریان ئارەزووی پیشاندانی ئێراقیبوونی خۆیان دەکەن، هەروەکو لە یەکێک لە دانیشتنەکاندا پاکانەی دڵسۆزی خۆیان بۆ ئێراق کرد. بەکورتی یاریە پۆلیتیکیەکەی لایەنگرانی ئێراقی یەکگرتوو لەو

---

[1] نوسینی ئەو وشەیەی "عارەبی" بەو شێوەیە، واتە لەجیاتی "عەرەبی"، بەکارهێنای شێوە زاراوەی ناوچەی هەولێرە لە گوتنی ئەو وشەیەدا. دیارە هەدوو جۆر لە نوسینەکانمدا بەکار دەهێنم، بەم دواییە زیاتر ئەوەی یەکەمیانم نوسیووە. بەکارهێنانی جارجارەی وشەی سەر بە زاراوەی تایبەتی ناوچەیی، تاموچێژی تایبەت بە نوسین دەبەخشن و دەکرێ واتای تایبەتیان هەبێت.

نێوەدا جۆراوجۆر هەیە و ڕەنگی خۆی داوەتەوە.
بێگومان هەموو ئەو سکاڵاکەرانەی بە کوردی دوان لەگەڵ ئەو هەوڵەدا تەبا نەبوون و وێنەیەکی تریان پیشاندا. بەڵام ئەو وێنەیەی لەدادگادا بەرامبەر ئەوانە پێشاندرا، ئەوەبوو کە ئەوانە لادێین و زمان نازانن یا بەگشتی زمان نازانن و پێویستیان بەیارمەتی هەیە. ئەو پرۆسەیە بەجۆرێک پیشان دەدرا کە ئەوانە وەکو دادوەر و پارێزەران خاوەنی ئەو بەها و زانینە بەرزە نین، هەندێ جار جۆرە بەزەییەکیش بۆ ئەوان دەردەبڕدرا. تۆمەتبارانیش کەموزۆر دەیانویست ئەو مرۆڤە خاوەن قوربانیانە وەکو خەڵکێکی نەزان و لادێیی کۆڵەوار پیشان بدەن. بوونی ئەو دیارەدەیە وەکو هەندێ دیاردەی نەرێنی دیکە بنچینە لەسەر ناڕەوایەتی بوونی دادگایەکی لەوشێوەیە دەگرن. واتە بوونە ناڕەواکە ڕێگا بۆ هەموو دیاردە و فاکتەرە دژە کوردەکان دەکاتەوە و ڕەوایەتی پیادەکردنیان دەداتە دەست. ڕەوتی ئێراقچیەتی کە بنچینە لەسەر دانان بە سەردار و سەروەری ئێراقدا دەنێت، ناتوانێ یا نایەوێ لەو دیاردانە بگات و وردبێتەوە.
دیارە خۆشەویستی یا سۆز هەبوون بۆ زمانی عارەبی و گرنگی زمانی عارەبی لای خەڵکی باشور، هۆکارەکەی بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو هەڵمەتەیە کە لە باشوری کوردستاندا بۆ بەرزکردنەوە و گرنگیپێدانی زمانی عارەبی لە هەموو ئاستەکاندا لەژێر ناوی برایەتی و بەیەکەوەژیان لە ئارادایە و لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە پیادە دەکرێت. ئەو کەسەی دێتە دادگا، لەو کۆمەڵگەیەدا دەژی و وەکو هەر کەسێکی دی کەم یا زۆر لە ژێر ئەو کاریگەریە دایە.

**ڕەنگدانەوەی هزری ئیسلامی لە دادگاکەدا**

دادوەر و داواکاری گشتی و پارێزەرانی بەرگریکار لە چەندین بۆنە و گوتنیاندا، یا دەکرێ بڵێین لە هەموو دانیشتنەکانی دادگادا ناوە ناوە بە ئایەت دەستیان بە گوتن کردووە یا ئاماژەیان بە لێکدانەوەی ئایینی کردووە و ملکەچی خۆیان بۆ ئەو تێگەیشتنەیان بێ ئەولاو ئەملا پیشانداوە. لە گەلێ لە دەکومێنتە کانونیەکاندا کە لە دادگادا پێشکەشکراون، بە ئایەتی قورئان دەستپێکراون و هەروەها ناوە ناوە پارچە ئایەتێک بۆ پشتگیری بابەت هێنراوەتە پێش. ئەو دیاردەیە لە داوای یەکەمی داواکاری گشتی زۆر بەزەقی دەرکەوت و پاشان لە گوتن و دوانەکاندا ناوە ناوە دەردەکەوتن و چاوەڕوان دەکرێ درێژەیان بەردەوام بێت. بەپێی فیلمێکی دەکومێنتاری کە تەلەڤیزیۆنی TV2 ی دانیمارکی ئامادەی کردبوو، جێگری داواکاری گشتی لە مۆڵگەیەکی تەواو ئیسلامیانەدا دەژی و بە مەبەستی پاراستنی لە کاری دژەکانی لە پێش چوونیدا بۆ دادگا هەموو جارێک ڕێتوالی ئایینی دووبارە پەیڕەو دەکرێن. ئەوانی دیکە دەبێ چی بکەن و چۆن ئەو پرۆسەیە پیادە دەکەن، بەپێی وتە و کردارەکان واپێدەچێ لەو هەوارە بێبەری نەبن. تێگلانی ئایین و بیروباوەری ئایین لە دادگا لە ڕێگای کەسەکان و توانای لێکدانەوە و بیرکردنەوەیان، بوونی دادگایەکی ناراشیونال (نازانستیانە) و لار بەلای ئاییندا پیشان دەدات. ئەوەش بوونی بەناو کانونی نووسراوەی سیکولار و ڕاشیونال لاواز دەکات و لەکەڵکی دەخات. دیارە ئەو ڕەوتەی دادوەر و داواکاری گشتی و پارێزەرە عارەبەکان لە گرنگی دانیان و جەختکردنەوەیان لەسەر وتە و تێگەتشتنە ئیسلامیەکان، دووپاتکردنەوەی ئەو تێگەیشتنەیە کە لایوایە بۆچوون و لێکدانەوەی ئیسلام ڕاسترین و تەواوترین تێگەیشتنە و لەسەرووی هەر تێگەیشتن و ڕوانگەیەکی دیکەدایە، لەسەرووی کانون و پرەنسیپە کانونیەکان دایە، لەسەرووی مرۆڤەکان و لێکدانەوەکانیان دایە. جگەلەوەی خۆدانەدەستی "ئەڵلا"ی ئیسلامە و ڕەوایەتی فەرمایشتەکانی ئەو خودایە بەسەر خۆیدا پەسند دەکات، ئاماژەیە بەو بەها ئایینییە پیرۆزەی گەلی عارەب، کە خۆی داهێنەر و خاونی یەکەمی بووە. ئاماژەیە بەو سەروەریە گەورەیەی کە ئەوان بەهی خۆیانی دەزانن و ناسنامەی کەسایەتی نەتەوە و خۆیانی تێدا دەبیننەوە.
پارێزەر و دادوەرانی کوردیش هەروەکو تێکەڵی هزری ئایینی لە وتە و پێشنیار و کۆمینتارەکانیاندا بە ڕاکشاوی دیاربووە و دیار دەکەوێت، تاڕادەیەک وەکو عارەبەکان دەیانەوێ لە هەمان ئاواز بخوێنن، بەڵام ئەوان لەگەڵ ئەوەدا هەوڵی سەلماندنی ئیسلامباشی خۆیان دەدەن، هەوڵی پیشاندنانی زیرەکیان لە ئیسلامناسیدا پیشان دەدەن. ئەوان لێرەدا بەدوای بەهایەکدان کە عارەبەکان هەیانە، پێیانوایە ئەگەر بتوانن توانای خۆیان لە ئیسلام ناسیدا بسەلمێنن، ئەوا بە بەهاکە دەگەن. لە دانیشتنەکاندا ئەوان گەلێ جار هەوڵی ئەوەیان دەدا ئەوە بسەلمێنن چۆن رژێمی تاوانکار قورئانی سوتاندووە و مزگەوتەکانی ڕووخاندووە، چۆن بەم کارەیان کردەیەکی نائیسلامیان ئەنجام داوە. ئەو لە جیاتی بێت و جەخت لەسەر لەناوبردنی مرۆڤەکان لەژێر پرۆسەیەکی گەلکوژانەدا بکات و ئەوە ڕوونکاتەوە، کەچی لە هەندێ هەوڵی سەلماندنیدا زۆری لاگرنگ بوو کارە نائیسلامیەکە بەرامبەر بە مەتریالە ئیسلامیەکان ڕوونکاتەوە. ئەو کە ئەوە دەکات دەیەوێ سۆزی دادگا و ئیسلامیەکان و موسوڵمانان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و لە هەمان کاتدا پاکانەی موسوڵمان بوون و پاکیی مۆسوڵمانێتی خۆی و کورد بکات. گەلی کورد لەوەتەی کراوەتە ئیسلام، هەوڵی ئەوە دەدات کە پاکی و موسوڵمانێتی خۆی بۆ عارەبەکان (موسوڵمانە ئۆرگیناڵەکان) بسەلمێنێت، ئەوە ئێستاش بەجۆرێ لە

جۆرەکان لێرە و لەوێ دەردەکەوێت. کەسە کوردەکان بە دوای پەسندکردن و دانپێنانی دەسەڵاتە لەمێژینە باڵاکە وێڵن و هەوڵی بەدەستهێنانی لە هەر بوارێکی گونجاوی ڕەخساودا دەدەن. بۆیە ئەو بەرزڕاگرتنەی هزری ئیسلام لای پارێزەر و دادوەری کورد (لە زۆر باردا بێئاگایانەیە) بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بێبڕواییە و سەڵماندنی پاکی و ملکەچی لە ئاست دەسەلاتێکی بەرزتردا، بێ ئەوەی ئەوان راستەوخۆ هەستی پی بکەن. جۆرێک لە هەوڵی بەدەستهێنانی پەسندکردنە خۆی دەردەخات و لە ناواخنی دوانەکانیاندا دەخوێندرێتەوە. ئەو دیاردەیە بەجۆرێک هاوتەریبە لەگەڵ هەوڵی سەڵماندنی ئێراقی بوون و بەمجۆرە پەسندکردنیان لە لایەن برای گەورەی عارەبی دەسەڵاتدار کە لە هەردوو باردا خۆی ئاغا باڵادەستەکەیە.

لە لایەکیتر ئەوان لە ناو هۆڵی دادگادا هەوڵ دەدەن لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە لە دادگادا گونجێندراوە و هەیە خۆیان بگونجێنن و وەکو نامۆ نەیەنە بەرچاو، بەڵکو وەکو تێکەڵبووی ئەکتیڤی ناو پرۆسەکە خۆیان پیشان بدەن. لەم ڕێگایەوە کار و هەوڵەکانیان بەرەوپێش ببەن و ئەگەری بەرەوپێشچوونیان زیاتر بکەن. لێرەدا سەیردەکەین ئەو ژینگە ئێراقی و عارەبییەی لە دادگادا دروستکراوە کەسەکان بۆلای خۆگونجاندن و جێگاخۆشکردن لەو شوێنەدا هان دەدات. کوردە ئێراقییە کانونناسەکان لەو ڕوانگەیەوە ئەو پێوەر و میتۆدانە دەگرنەبەر کە ئەو گونجاندن و پەسندکردنە مسۆگەر دەکات.

پارێزەرە کوردە ئێراقیەکان، لە کاتێکدا هەوڵی نوێنەرایەتی قوربانیان و سکاڵاکەران و دیتەران دەدەن، لە هەمان کاتدا هەوڵی سەڵماندنی موسوڵمانەتی خۆیان، ئێراقیبوونی خۆیان و پەسندکردنیان لە ژینگە ئێراقی و عارەبیەکەی ناو دادگادا دەدەن. سێ دیاردە کە پەیوەندیان بە پەیوەندی نێوان کورد (بەئیسلامکراو، ژێردەست و نەتەوەی کەمدەسەلاتی کەمینە) و عارەب (خاوەنی ئیسلام، داگیرکەر، نەتەوەی بالادەستی زۆرینە) هوە لە کۆن و ئێستاوە هەیە لەو پرۆسە بەناو کانونیەدا دەخوێندرێنەوە. بەمجۆرە پارێزەرە کوردە ئێراقیەکان هەوڵی بەدەستهێنانی پەسندکردن و دانپینان لە سێ لایەنەوە دەدەن، دەیانەوێ یەکسانی ستاتوسی خۆیان لەو لایەنانە بەدەست بهێنن. بێگومان ئەو پرۆسەیە کە لە هەناوی نوێنەرایەتیە کانونیەکە دایە و جار جارە خۆی دەردەخات، کە جگەلەوەی بە جۆرێ لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر توانای کانونیانەی ئەوان بەخراپی دەنوێنێت و لە مەبەست دووریان دەخاتەوە، بێبڕوایی و بێ ناسنامەیی ئەوان لە کەسایەتیەکی لاوازی وێڵدا وێنە دەکات. کەسایەتیەک کە لە پێشینەوە گوازراوەتەوە و وێلی بەدەستهێنانی پەسندکردنە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیووە سەرکەوتنێکی خۆڕاگر لە مێژووی کۆن و نوێیدا تۆمار بکات.

دەکرێ بپرسین: ئایا ئەو ڕوونکردنەوە یا ئاماژە ئیسلامیانە پێویستن بۆ ئەوەی بوونی تاوانی ئەنفال و لە ناوبردنی بەشێکی گەلی کورد بسەڵمێنن؟ ئایا ئەو ئاماژە و پاڕانەوە ئایینییە نەبێ ناتواندرێ تاوانەکە بسەڵمێندرێت؟ وەکو گوترا ڕوونکردنەوە و سەڵماندن لە ڕێگای ئایینییەوە، ڕوونکردنەوە و سەڵماندێکی لایەنگیرە و بێلایەن نییە، بە هەمان شێوە کانونی نییە، ئەگەر کانون بانگاشەی بێلایەنی بکات. ڕوونکردنەوەی ئایینی پەنا دەباتە بەر تێز و هزری هەتاهەتایی و نازانستی کە پڕن لە چەمک و کۆدی نەسەڵمیندراو یا لەکار کەوتوو. ئەو لێکدانەوە ئاسمانییە تایبەتە پەسندی ئەو چەمکانە دەکات کە لەگەڵ ئاراستە "بێهاوتا و ڕاستەکەی" ئەودا تەبان. بۆیە ئەو ئەنجامانەی لێرەوە دێن، لایەنگیرن و تایبەت بە گۆشەنیگایەکی تایبەتی ئاسمانین، بۆیە ڕاشیونال و زانستی نین.

ئایا لێرەدا مەبەست ئەوەیە کردەی دژە ئیسلام بسەڵمێندرێت، یا کردەی دژە مرۆڤایەتی لە ژێر چەمکی گەلکوژیدا بسەڵمێندرێت. گومان لەوەدا نییە چەند هەوڵی سەڵماندنی ئەوەی یەکەم بدرێت، ئەوەندە هەوڵەکە لە مەبەست دوور دەکەوێتەوە و سەر لەخۆی دەشێوێنێت.

هێرشی ڕژێمی ئێراق بۆ سەر مزگەوت و مەتریالە ئایینیەکانی دیکەی دانیشتوانانی کورد لەو ناوچانەی کەوتنە بەر هێرشی گەلکوژانە، بێگومان دەکرێ وەکو بەشێک لە تێکدان و وێران کردنەکان جەختیان لەسەر بکرێتەوە. ڕژێمی ئێراق مەبەستی پاککردنەوەی ناوچە گوندنشینەکانی کوردستان بوو لە ژیان، هەروەکو هەموو ئەو خانوو و کەرەستانەی سوتاند و وێرانکرد کە بۆنی مانەوە و ژیانیان دروست دەکرد. دەکرێ لەچوارچێوەی وێرانکردنە گشتیەکەدا جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە ڕژێمی داگیرکەر تەنانەت ڕێزی شوێنی ئایینی ئەو خەڵکەی نەگرت و وێرانی کردن، لێرەدا هەوڵەکە بۆ سەڵماندنی بوونی **ویستی گەلکوژانەی لەناوبردن** بێت، نەوەکو کەمکردنەوەی بابەتە بنچینەییەکە و جەختکردنەسەر "کارەساتی" کردەی دژە ئیسلامی. لێرەدایە پارێزەری داکۆکیکار لە مەبەست دوور دەکەوێتەوە و مەترسی ئەوەی هەیە بچێتە چوارچێوەیەک کە دیسان هەوڵی بەدەستهێنانی پەسندکردن و دانپێنانی دەسەڵاتە باڵاکە دەدات. وەکو گوترا دەکرێ ئەو ئاراستەیە بەئاگا و بێئاگا بێتەناوەوە، ئەو هەوڵە باکگراوندێکی لەمیژینەی کۆنی هەیە و وێلی بەدەستهێنانی پەسندکردن و گەیشتنە بە ئاستە "بەرزەکە"، چونکە پەیوەندی نێوان کورد و عارەب وەکو ئاماژەمان

بۆیکرد پەیوەندی گەلێکی ستاتوس نزم و ستاتوس بەرزە، گەلی خاوەن ستاتوس نزم هەمیشە هەوڵی یەکسانی ستاتوسەکەی لەگەڵ گەلی باڵادەستدا دەدات. ئەگەر ئەو گەلە لە مانەوە لەو بارە بەولاوە ئەگەرێکی دیکە بەدی نەکات. جەختکردنەوە لەسەر وێرانکردنی پەرستگا و مەتریالی ئایین دەکرا سوودی زیاتری ببێت، ئەگەر گەلی کورد خاوەنی ئایینێکی جودا بایە. لەو بارەدا جوداییە ئایینیەکە وەکو جوداییە نەتەوایەتیەکە بەڵگەی بوونی ویستی گەلکوژانەی لەناوبردنیان بەهێزتر دەسەڵماند. کورد و عارەب هەردوولایان موسوڵمانن و کێشەی جودایی ئایینیان لە نێواندا نییە. دیارە رژێمی ئێراق کە مزگەوت و مەتریالی ئایینی تێکداوە، لەبەر ئەوە نەبووە کە دژی ئایینەکە بووە، بە پێچەوانەوە لایەنی گەلکوژکار شانازی بەو ئایینەوە کردووە و لای بەرز بووە. سەرکردەکانی بەعس سەیری سەردەمی ئیسلامیان وەکو سەردەمی زێڕینی گەلی عارەب کردووە، ئەوان لە هێرشەکانی ئەنفالدا کە بەناوی سورەتێکی قورئان ناوزەدیان کردووە، کوردیان وەکو نەموسوڵمان و بێباوەڕ سەیرکردووە، وەکو مەترسی و هەرەشە لەسەر نەتەوەی عارەب سەیریان کردووە. ئەوان ئایینی ئیسلامیان بە کورد ڕەوا نەبینیووە، کوردیان پی ئەوە نەبووە کە شایانی ئەو ئایینە پیرۆزەی ئەوان بێت، هەروەکو چۆن پێیان وابووە کورد ناتوانێ ببێتە عارەبی ڕەسەن و بێگەرد.

لە ڕوانگەی کانونی نێونەتەوەییدا سەلماندنی تاوانی ئەنفال وەکو تاوان دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ یا گەلکوژی، نەک پێویستی بە سۆزی ئایینی و ڕوونکردنەوەی ئایینی نییە، بەڵکو حەزی پێناکات، چونکە بەهای بێلایەنیەکەی دادەماڵێ. ئەو لێکدانەوانەی کە دەچێتە چوارچێوەی هەوڵی سەلماندنی کردەی دژە ئیسلامانە و بەولایەدا لار دەبێتەوە نەک یارمەتیدەر نین، بەڵکو زیانیش بە بنەڕەتی پرسەکە دەگەیەنن، هەروەها شێواندنی تاوانەکە بنچینەییەکەیە. سەلماندنی بێلایەنانە و ڕاشیونالانە خۆی دووردەخاتەوە لەوەی کە ئایا تاوانەکە لەگەڵ بیربۆچوونێکی ئایینی یا ئایدۆلۆژی دەگونجی یا نا. بەڵگەی زۆر و جۆراوجۆر هەن تاوانەکە وەکو تاوانی گەلکوژی بسەلمێنن، ئەوەش لە ڕێگای کانونی و ڕاشیونالەوە، بەمجۆرە سەلماندنەکە بێلایەنانە و دوور لەهەر بەهایەکی ئایینی و یا ئایدۆلۆژی، کە وادەکات ئەنجامەکە خۆڕاگر و بڕواپێکراو بێت. لەسەر کەسی پارێزەر پێویستە لەو چوارچێوە کانونی و ڕاشیونالە بە پێی پرەنسیبە نێونەتەوەییەکان کە سەبارەت بە قەدەغەکردنی تاوانی گەلکوژی هاتوون هەوڵی سەلماندنی تاوانەکە بدات و بە ڕوونکردنەوەی بەڵگەدار بوونی تاوانەکە لە پێشێلکردنی ئەو کانونانەدا بسەلمێنێت. ئەگەر هەرکەسێ لای گرنگە لە گۆشە نیگایەکی ئایینی یا ئایدۆلۆژیەوە سەیری تاوانەکە بکات، ئەوە دەتوانێ لە دەرەوەی دادگا و دوور لە پرەنسیپ و کانونی دادگا، ئەو کارە بکات.

**دادوەری کورد لە دادگادا**

دیاردەیەکی دیکە کە جێگای سەرنجدانە، ئەویش بەو دواییانە دادوەرێکی کورد لەتەک داوەری عارەب پاسیڤانە دانیشتووە، بەمشێوەیە بە بوونی خۆی لەوێدا هەندێ سیگنال بۆ بینەران دەنێرێت.

واپێدەچی ئەوە لە لایەک وەڵامێکە بۆ ئەو ڕەخنەگرانەی گومان لە ڕەوایەتی بوونی دادگایەکی ئێراقی و عارەبی بۆ کەیسی ئەنفال دەکەن، لە لایەکی دیکە بۆ سەلماندنی ڕەوایەتی و بێلایەنی دادگا بەرامبەر بە کەیسی تاوانی ئەنفال، لە کۆتاییدا هەوڵی پیشاندانی ئێراقیبوون و هاوئاهەنگ بوونی نەتەوە و گروپە ئەتنیەکانی ناو ئێراق لە پرۆسەی دادگاییەکەدا. وەکو پێشتر گوتوومە بوونی ئەو دادوەرە کوردە ئێراقیانە لە دادگادا هەوڵێکە بۆ ڕەواکردنی بوونی دادگایەکی ئێراقی و عارەبزال بۆ دۆسیەکانی مەڕ کارەساتەکانی گەلی کورد، کە لەڕاستیدا هەوڵی ڕەواکردنی ناڕەوایە. لێرەدا نکۆڵی لە ناڕەوایەتیەکی کانونی کە بەرامبەر بە گەلی گەلکوژکراوی کوردەوە کراوە دەکرێت، لە هەمان کاتدا دەیەوێ سیگنالی تەبایی نێوان عارەب و کورد بۆ ناوەوە و دەرەوە بنێرێت. لەم هەوڵەدا دیسان گەمە ڕامیاریە ئێراقچیەکە خۆی دەردەخاتەوە و بانگاشەی ڕەوایەتی و ئارەزوومەندی یەکگرتوویی نەتەوەکانی ناو ئێراق لە هۆڵی دادگادا ڕادەگەیەنێت. بوونی ئەو دادوەرە لەوێدا هۆکەی تێرکردنی داخوازیەکی ڕامیارییە نەک کانونی، هەروەکو دادگاکە دەرهاویشتەی پرۆسەیەکی ڕامیارییە و بەدوای پێکانی ئامانجی ڕامیاریەوەیە. بوونی ئەو دادوەر و کانونناسە کوردانە بەگشتی لە لایەک هیچ لە ناڕەوایەتیە کانونیەکە کە بەرامبەر بە گەلی کورد کراوە ناگۆڕێت، لە لایەکی دیکە کاریگەریەکی لەسەر کانون و پرۆسە ئێراقی و عارەبیەکانی ناو دادگادا نییە. چونکە ئەو دادوەرە یا ئەوانی دیکە بۆ ئەو کارە نەهاتوون و هەروا ئاسانیش لەو ناڕەوایەتیە ناگەن. واتە ئەو دادوەرە یا ئەوانیتر ناتوانن دادگاکە لەبندەستی عارب دەربهێنن و بیکەنە دادگایەکی بێلایەنی نێونەتەوەیی، هەروەها ناتوانن کانونی دادگاکە بگۆڕن و ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردی تێدا بکرێت، بە زمانی کوردی بێت، لە کوردستان بێت (واتە ئەوها بکەن کە عارەب بۆ خۆیان کردوویانە). دیارە من پێموایە ڕەواترین دادگا دادگایەکی نێونەتەوەیی وەکو ئەوەی کە بۆ یوگوسلاڤیای کۆن هەیە، چونکە کوردستان وەکو ئێراق ئاست و تواناکانی لە ئاستی داواکارییە کانونیە جیهانیەکاندا نین. بەکورتی ئەو

دادوەرە کوردانە زیاتر وەکو ڕۆبۆت بۆ مەبەستی تایبەتی ڕامیاری و ئێراقچیانەی سەرانی کورد و عارەبی ئێراقی دەجولێندرێن و بەکار دەهێندرێن. ئەوانە بۆ ڕەواکردنی ناڕەوایەتییە کانونی و ڕامیارییەکانی سەرکردە ئێراقیەکان بەکار دەهێندرێن.

ئەو دادگا ئێراقیەی کە سەرانی ئێراق بە کورد و عارەبەوە هەوڵی ڕەواکردنی دەدەن و دادوەر و کانوونناسی کورد بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنن، ئەو دادگایە تاوانباری سەرەکی تاوانی ژینۆسایدی ئەنفال سەدام حوسێنی زوو لەناوبرد و لە تاوانەکانی ئەنفال دووری خستەوە. دادگا هیچ بوارێکی بۆ پرسیارکردن لە سەدام حوسێن لەسەر تاوانی ئەنفال نەهێشتەوە. بەمجۆرە سەدام وەکو کەس بۆی دەرچوو، وەکو سەرۆکی ئێراق بۆی دەرچوو، هەروەها ئەگەری تاوانباریی ستاتی ئێراق لە تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا تەواو دوورخرایەوە. سەیر ئەوە بوو دادگا دوای نەهێشتنی سەدام کاسێتی تۆمار و ڤیدیۆی سەدام حوسێنی لێدەدا، لەوێدا سەدام بە ڕاکشاوی رۆڵی سەرکردەیەتی خۆی وەکو سەرۆکی ئێراق لە بڕیاری کیمیاباران و لەناوبردنەکان دەخاتەڕوو.

**داوای کۆتایی پارێزەرانی کورد**

لە کۆتاییدا پارێزەرانی کورد لە داوای کۆتاییاندا، وەکو هەر پارێزەرێکی عارەبی ئێراقی بە زمانی عارەبی لە داواکاریەکی دوورودرێژدا، هەموو ئەو میتۆد و ئاماژە ناڕاشیونالانەی کە عارەبەکان پیادەی دەکەن دووبارە کرانەوە. لەوێدا تێبینیە نەرێنیەکانی کە پێشتر گوتران خۆیان کەموزۆر دەرخستەوە، کە هەوڵی سەلماندنی تاوانی گەلکوژی لاواز کردبوو. ئەوان لە داواکەیاندا داوای ئەوەیان نەکرد کە دەبێ ستاتی ئێراق وەکو ستات لە تاوانی گەلکوژی تاوانبار بکرێت. جەختیان لەسەر ناڕەوایەتی زوو لەناوبردنی سەدام و بێبەریکردنی لە تاوانی ئەنفال وەکو تاوانباری سەرەکی گەلکوژی نەکردەوە و گرنگیان پێ نەدا. خۆیان لەناوهێنانی جاشەکان پاراست و ئاماژەیان بە تاوانبارانی دیکە کە لە لایەن دەسەڵاتەوە پارێزراون نەکرد. ئەوان زۆر بەرێزەوە هەوڵیان دەدا ئەو چوارچێوە سەپێندراوە کانونی و ڕامیاریەی ناو دادگا و دەرەوەی دادگا ملکەچانە بپارێزن. روونکردنەوەکەی ئەوان لە لایەنی کانونیەوە لاواز بوو و نەیتوانی شارەزایانە و بە پوختی ئاماژە بە خاڵوبڕگەکانی قەدەغەکردنی تاوانی گەلکوژی نێونەتەوەیی کە لە پەیماننامەی گەلکوژیدا نوسراوە (ئەرتیکلی 11 و 12 ی دادگای باڵای ئێراقیدا نووسراوەتەوە) بکات.

جگەلەوە داواکاریەکە وادیاربوو بەگرنگی دەزانی جەخت لەسەر بوونی هەردوو زلهێزی باشوری کوردستان لە کاتی کارەساتەکەدا بکاتەوە و جەخت لەسەر ناوی پاشینی سەرۆکەکان بە یەکسانی بکاتەوە. وەکو بڵێی هەوڵ دەدرا بوونی ئەو هێزانە یا کەسانە ئاماژەیان بۆ بکرێت، بەجۆرێک سەرنج بۆ لای ئەو بەشە ڕابکێشن. بەمشێوەیە لە جیاتی جەختکردنەوە لەسەر کارەساتەکە و سەلماندنی کوشتاری خەڵکی بێتاوان و سڤیلی کورد لە کوردستاندا، هەروەها بوونی تاوانی گەلکوژی لەبەرئەوە، وادیاربوو لاربوونەوەیەک بۆ ئامانجێکی تەسکی پارتگەرا گرنگی دیاری هەبوو. گرنگە بزانین هەرچەندە کارەساتەکە بخرێتەناو چوارچێوەی جەنگی دوو هێزی چەکدار و دژ بەیەک، ئەوەندە لە ئەگەری بوونی تاوانی گەلکوژی دوور دەکەوێتەوە. بۆیە کاری لۆژیکیانەی هەر پارێزەرێک لەمبارەدا دوورکەوتنەوەیە لە ناوهێنان و جەختکردنەوە لەسەر بوونی هێزی چەکداری کوردی دژ بە ڕژێم، بەمجۆرە دوورکەوتنەوە لە پیشاندانی ناکۆکی و جەنگی چەکداری نێوان دوو هێز لە ڕووداوەکەدا. واپێدەچوو داواکاریەکە دەبوایە بە دڵی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بێت، بۆیە وادیاربوو ئەوەش وەکو هەر شتێکی دیکەی باشوری کوردستان بەشکرابێت.

هەرچۆنی بێت، ئەگەر دادگا دان بە بوونی تاوانی گەلکوژی بنێت، تاوانباران لەسەر تاوانی گەلکوژی تاوانبار بکات و سزا بدات، ئاماژە بە تاوانباریی ستاتی ئێراق لە تاوانی گەلکوژیدا بکات، ئەوە سەرکەوتنێکە بۆ ئەو پارێزەرانە لەم چوارچێوە ئێراقیەی کە سەپێندراوە.

shaxewan@kadirshorsh.com
www.Kadirshorsh.com